کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
16-7-2007 19:26بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**وەڵامێک بۆ ڕاپۆرتەهەواڵی (بی لێپرسینەوەی حاکم تائێستاش سەرنوسەری رۆژنامەی گەرمیانی ئەمرۆ لە زینداندایە) ... ئاریان رووف عزیز - بەرێوەبەری مافی مرۆڤ لەگەرمیان**

ئەم نوسینەم وەڵامێکە بۆ بڵاوکردنەوەی راپۆرتێك بەناوی (بی لێپرسینەوەی حاکم تائێستاش سەرنوسەری رۆژنامەی گەرمیانی ئەمرۆ لە زینداندایە) کەلە 2007/7/15 لەسایتە بەرێزەکەتان (کوردستان نێت) بڵاوکراوەتەوە کە راپۆرتەکە بەناوی (هیوا کەلاری) نوسراوە. ئەم چەند سەرنج و تێبینیە دەخەینە روو بۆ ئەوەی راستیەکان نەشێوێنرێت (پێشتری لەسایتی نیشتمان نێت رونکردنەوەی تەواومان لەبارەیەوە دابوو) :

1. لە راپۆرتەکەدا نوسراوە (بی لێپرسینەوە حاکم تائێستاش سەرنوسەری رۆژنامەی گەرمیانی ئەمرۆ لە زینداندایە) ئەم رونکردنەوەیە دەخەینە پێش چاوی هەموو خوێنەرێکی بەرێز

- ئەو بەرێزە (سەرنوسەرەکە) بەبی لێپرسینەوە نەگیراوە بەڵکو لەسەر بنەمای بەرزکردنەوەی سکاڵایەك بۆ بەرێز داوەری لێکۆڵینەوەی کەلار لەرێکەوتی 2007/6/27 لەلایەن بەندەو و (عقد حسن) توقیفکراوە لە بەرواری 2007/7/10.
- لەسەر بنەمای ناورزاندن (تەشهیرکردن) بەفەرمانی بەرێز دادوەر بەمەبەستی لێکۆڵینەوە تەوقیفکراوە، بۆماوەی (7) رۆژ بەپێی مادەی (433 ی س) . کە ئەمەش لەدەسەڵاتی دادوەری بەرێزە دەتوانێت بۆ هەر کێشەیەك ئەو دەسەڵاتە بەکاربەێنێت، ئەگەر کەسێك شارەزای هەبێت لەیاسا چاك ئەو حەقەی دادوەر دەزانێت چیە و چۆنە.
- وەك لە راپۆرتەکەدا هاتوە (تائێستاش سەرنوسەری رۆژنامەی گەرمیانی ئەمرۆ لە زینداندایە) کە راپۆرتەکە لە 2007/7/15 بڵاوکراوەتەوە، بەڵام ئەم بەرێزە ئەوەندە بی ئاگایە لەشتەکان کە تارادەی لەبیرکردن، چونکە سەرنوسەری رۆژنامەی ناوبراو لەسەر داوای بەندەو (عقید حسن) لە 2007/7/12 لەکاتژمێر 11ی پاش نیوەرۆ بە کەفالەت ئازادکرا بەڵام دۆسیەکەدا لەدادگا هێشتا دانەخراوە.

2. لە راپۆرتەکەدا هاتوە (لەسەر وێنەی ئەم ئۆتۆمبیلە لە 2007/7/9 سەرنوسەری گەرمیانی ئەمرۆ کراوەتە زیندانەوە بێئەوەی هیچ لێکۆڵینەوە و پرسیارێکی لێکرابێت) ئەمە رونکردنەوەمانە لەسەر ئەو خاڵە:

- ناوبراو (سەرنوسەرەکە) دوای وتە وەرگرتنی لە 2007/7/10 تەوقیفکراوە بەپێی مادەی (433) نەك لە 2007/7/9.
- تەشهیر کردن بەدیری بچوك بێت یان گەورەرە لە بەرامبەر یاسادا هەر تەشهیرە. تەنها لەسەر ئەوێنەیەش نەبوە بەڵکو لەهەمان رۆژنامە تەشهیری ترمان پێکرابوو.
- لەرێکەوتی 2007/7/10 پێش دەستگیر کردنی ناوبراو دادوەری لێکۆڵینەوە وتەی ناوبراوی وەرگرتوە، لەسەر بنەمای وتەکانی سەرنوسەری رۆژنامەکە بریاری توقیفی بۆ دەرکردوە بەپێی مادەی (433) . بۆ راستی ئەم حاڵەتەش بەڵگەکان هەمووی لەدادگان راستیەکانی لەکەس ناشاردرێتەوە، کەسێك مەبەستی بێت دەتوانێت بەدواداچونی بۆبکات.

3. لەراپۆرتەکەدا هاتوە (وێنەی ئۆتۆمبیلی بەرێوەبەرایەتی مافی مرۆڤ بەژمارە ساختەکەیەوە گیراوە لەنێو بازاری کەلار رۆژی 2007/5/2 کاتژمێر 6:30 سەرلەئێوارە کە دوای دەوامی رەسمیە) . ئەم رونکردەوەیەمان هەیە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

- ئەو تابلۆیەی کەبەرێزیان باسی دەکات لەدوای تەقینەوەکەی گەراجی رەحیم ئاوا لەشاری کەرکوک ئێمە لە ئۆتۆمبیلەکەمان بەستوە، چونکە ئەو رێگەیە شار رێگەی هاتوچۆی ئێمەبوو لەسەردانمان بۆشاری هەولێر، بۆ پاراستنی گیانی خۆمان ئەو ژمارەمان گۆریوە، هەروەها ئێمە بەبەردەوامی سەردانی ئەوناچانەمان کردوە کە هەرەشەی تیرۆریستانی لەسەرە، هەروەها نوسینگەیەکی بەرێوەبەرایەتمیان هەیە لەشاری خانەقین، کە بەردەوام ئەو شارە تیرۆریستان کردویانەتە مەبەستی خۆیان، رۆژانە لە رۆژنامەو سایتەکان هەواڵی کوشتنی ئەفسەر و پۆلیسی ئەو ناوچەمان پێدەگات بەدەستی تیرۆریستان.
- من ئەوەندە ئەڵێم خوێنەر تەماشای سێبەری ئۆتۆمبیلەکە بکات دەزانێت کە ئایا ئەوە سێبەری کاتژمێر (6:30) پاش نیوەرۆیە یاخود کاتەکە پێش نیوەرۆیە.
- ئەوشوێنەی وێنەی ئۆتۆمبیلەکەی لی گیراوە لەبەردەم سەنتەری سەفینە بۆ کاری کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت، کە زۆرینەی کاری چاککردنی کۆمپیوتەری بەرێوەبەرایەتیمان لەئەو سەنتەر ئەنجام ئەدەین. نەك بۆکاری شەخێی لەوێدا راگیرابێت
- من نازانم ئەم کارە شەخێیەی من چیبوو لە بازار کە بەرێزیان ئاماژەیان پێکردوە.
- هەروەها دەپرسم گوناهە ئۆتۆمبیلی حکومی بچێتە نێو بازار؟دەیان جار چ من یاخود کارمەندانی بەرێوەبەرایەتیمان بۆ ئیشوکاری بەرێوەبەرایەتی ئۆتۆمبیلمان بردوەتە بازار، چونکە سەرجەم ئەو دوکاندارانەی کاری (پەراوگە و کارەبایی و شتی تر دەکەن لەنێو جەرگەی بازاری کەلاردایە) .
- هەروەها ئێمە بەرەسمی رێگەمان پێدراوە لە دوای دەوامی رەسمی ئۆتۆمبیل بەکاربهێنین بۆ کاری بەرێوەبەرایەتی، زورجاریش بەهۆی ئەوەی ۆرك شۆپ و خولی هۆشیارکردنەوەمان هەیە، بۆ کرینی پێداویستی خولەکان و بەتایبەت ۆرك شۆپ پێوستی کردوە ئێواران سەردانی بازار کراوە، چونکە ۆرك شۆپەکە بەلایەنی کەم دوای کاتژمێر (5) ئێوارە تەواوبوە. یان بۆهەرکارێکی تر. هەروەها زۆرجار لەدوای دەوام بۆکاری مافی مرۆڤ بەکارهێنراوە.

لەکۆتایدا ئەوە دەڵێن ئومێدەوارم لەهەر نوسەرێکی راپۆرتە هەواڵ و هەواڵ لە حەقیقەتی شتەکان بکۆڵێتەوە ئەوجار بریاری بلاوکردنەوەیان بدات، چونکە دەرئەنجام راستیەکان خۆیان پیشان دەدەن. بەکارهێنانی هەندێك کاری نادروست بۆ ناورزاندنی کەسێك ئەرکی رۆژنامەوانی لەدەست دەدات، چونکە ئەوکاتە حەقیقەت ون دەبێت، کاری رۆژنامەش کاری راست و بنەمادروست و دەرخستنی هەمووی رووی راستیەکان و نەشێواندنیانە بە بی هیچ مەرامێك.

ئاریان رووف عزیز
بەرێوەبەری مافی مرۆڤ لەگەرمیان
2007/7/ 16

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.